


# عائیشە و
# ڕووداوی بوختان



ڕووداوێك كە لە مێژووی ئیسلامدا بە(بوختان، الافك) ناسراوە، یەكێكە لە چیرۆكە سەرسوڕهێنەرەكانی ژیانی جنسی عائیشەو كێشە كۆمەڵایەتییەكانی موحەممەد. ئەم ڕووداوە، لەكاتی خۆیدا، كێشەیەكی گەورەی بۆ (موحەممەد) وەك پەیامبەرێك دروست كردو سەرهەڵدانو كۆتاییهاتنی نزیكەی مانگێكی خایاند. كورتەی ڕووداوەكەش ئەوەیە كە عائیشە لە غەزایەكدا بەتەنیا جێدەمێنێت. كاتێك دەبینرێتەوە لەگەڵ كەسێكدایە بە ناوی صەفوانو لەچۆڵەوانیەوە دەگەڕێنەوە. بەم هۆیەوە

سیناریۆیەك ئەم دووانە لەپەڕاوەكانی مێژووی ئیسلامدا نوسراونەتەوە چونكە قسەو باسی زیناكردنیان لە شاری مەدینەو دەوروبەری, بەبێ شەرمی ئەوەی كە باسی یەكێك لە ژنەكانی پەیامبەر دەكەن, زور بەخێرایی تەشەنەی سەندو بە ئاشكرا قسەوباسی زینای عائیشەو صەفوانیان دووبارە دەكردەوە. بەشێوەیەك گەورە كرابوو كەچەندین ئایەتی لەناو قورئاندا بۆ تەرخان كراو بەم شێوەیەش تا ئیسلام مابێت لەبیرناچێتەوە. ئێمە دەقی رووداوەكە لەسەرچاوەی رەسەنی ئیسلامەوە (بوخاری) وەردەگرین كەخودی عائیشە حیكایەتخوانەكەیەتی:

(بەكورتی) عائیشە دەڵێت: ئەگەر پەیامبەری خوا بەنیازی سەفەر بڕۆیشتایەتە دەرەوەی شار، دەو (تیروپشك)ی بۆ ژنەكانی دەكردو یەكێكیانی لەگەڵ خۆی دەبرد. لەیەكێك لەغەزاكاندا دەوی كردوو من دەرچووم‌و لەگەڵی چووم. ئەمەش پاش هاتنی فەرمانی حیجاب بوو. لەكەژاوەیەكدا بووم, پاش ئەوەی پەیامبەری خوا لە غەزاكەی بووەوە، باروبارگەمان پێچایەوەو روومان لە مەدینە كرد. شەومان بەسەرهات‌و لە ڕێگە لاماندا. كاتێك فەرمان درا بكەوینە ڕێ، بە نیازی دەستبەئاوگەیاندن لە لەشكرەكە دوور كەوتمەوە. كە تەواو بووم‌و گەڕامەوە، دەستم

برد بۆ سنگم، زانیم كه ملوانكه‌كه‌م پچڕاوه‌و لێم كه‌وتووه. گه‌ڕامه‌وه‌و به‌شوێن ملوانكه‌كه‌مدا گه‌ڕام‌و كاتێكی زۆری پێ به‌سه‌ربردم. (عائیشه هه‌ر وه‌ك ژنێكی دی به پیاده یان به سواری نه‌بوو، به‌ڵكو له‌سه‌ر حوشترێكی گه‌وره كه‌ژاوه‌یه‌كیان بۆ دروست كردبوو، وه‌ك خۆی ده‌ڵێت:) كه‌ژاوه‌كه له حوشتره‌كه باركرابوو، كه‌وتبوونه‌ڕێ، وایان زانیبوو منی تێدام. له‌و زه‌مانه‌دا ژنان كێشیان سووك بوو، لاواز بوون‌و گۆشتن نه‌بوون، منیش منداڵ‌و بچووك بووم. كاتێك كه‌ژاوه‌كه‌م ده‌خه‌نه سه‌ر حوشتره‌كه، وایانزانیبوو منی تێدام. كه ملوانكه‌كه‌م دۆزییه‌وه‌و گه‌ڕامه‌وه، بینیم شوێنه‌كه چۆڵ بووه. هاوارم كرد، كه‌س وه‌ڵامی نه‌دامه‌وه. كه‌مێك به‌ره‌و پێش چووم‌و دواتر گه‌ڕامه‌وه شوێنی خۆم، وامزانی له‌و شوێنه‌دا بمێنمه‌وه باشتره، به‌و هیوایه‌ی بگه‌ڕێنه‌وه‌و هه‌ر له‌وێدا بمدۆزنه‌وه. ئیتر له‌وێدا دانیشتم‌و خه‌وم لێكه‌وت.

صه‌فوانی كوڕی موعه‌تته‌ڵی سه‌له‌می (خزمه‌تكاری موحه‌ممه‌د له ماڵی عائیشه‌دا) ئه‌ویش له له‌شكره‌كه به‌جێمابوو، تارماییی كه‌سێكی خه‌وتووی بینی، هات بۆ لام‌و منی ناسییه‌وه‌و وتی (إِنَّا لِلَّهِ وَإِنَّا إِلَيْهِ رَاجِعُونَ). سواری حوشتره‌كه‌ی كردم, یه‌ك وشه

قسەم لەگەڵ نەکرد, بەرەو مەدینە کەوتینە ڕێ، تا گەیشتینەوە مەدینە, ئیتر بوختانی زینایان بۆ کردین. ئەو کەسەی کە دەستپێشخەری بوختانەکە بوو (عَبْدُاللَّهِ بْنُ أُبَيّ ابْنُ سَلُولَ) بوو.[1] نەخۆش کەوتم. خەڵکانیش قسەی بوختانچیەکانیان دەکرد. نەخۆشیەکەم درێژەی کێشاو لە ئازاردا بووم. هیچ شتێکم لەو سۆزەی پەیامبەری خوا نەدەدی کە پێشتر لە کاتی نەخۆشیدا لێم بینیبوو. کە دەهات تەنها دەیگوت (کچەکەتان چۆنە؟).

من بوختانەکەم نەبیستبوو, ڕۆژێکیان بە هۆی چوونەدەرەوەم بۆ دەستبەئاوگەیاندن بیستم. بەم هۆیەوە نەخۆشییەکەم زیادی کرد. ڕۆژێك پەیامبەری خوا هاتەوەو پرسی: (کچەکەتان چۆنە؟) داوام لێکرد مۆڵەتم بدا بچم سەردانی باوکو دایکم بکەم، بەڵکو لەوێ هەموو هەواڵەکە بزانم. ئەویش مۆڵەتی دام و چوومە لای باوکو دایکم. دایکم هەموو شتێکی بۆ گێڕامەوە. منیش ئەو شەوە لەوێ مامەوە، چاوانم لە فرمێسکدا وشکیان نەدەکرد تا ڕۆژ بووەوە.

1 لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکەدا: پیاوێك لە بني عوف, مالك بن أبي قَوْقَل، سُوَيْد، دَاعس.

پەیامبەری خوا، عەلی کوڕی ئەبی تالـبو ئوسامەی کوڕی زەیدی بانگ کرد، دەربارەی جیابوونەوەی لە من، راوبۆچوونی لێوەرگرتن. ئوسامە بە پەیامبەری خوای وت: عائیشە کەسوکاری خۆتەو من تەنها شتی باشم لێبیستووە. بەڵام عەلی پێیوتووە: ئەوەندە خۆت نارەحەت مەکە، تەڵاقی بدە، ژنی وەك ئەو زۆرە! پرسیارێکیش لە کەنیزەکەکەی بکە بزانە چی دەڵێت. کە پرسیاریان لە کەنیزەکەکە کرد، وتی جگە لە باشە شتم لێنەدیوە. ئیتر پەیامبەری خوا دەچێ بۆ مزگەوتو لە دوای نوێژ خوتبەیەك دەداو لەخوتبەکەیدا دەڵێت: کێ لەدەست پیاوێك رزگارم دەکات کەلەناو کەسوکارەکەمدا دوچاری ئازاری کردووم؟! (مەبەستی لە عەبدوڵڵای کوڕی ئوبەی کوڕی سەلول بوو, چونکە ئەو وتبووی عائیشەو صەفوان زینایان کردووە). سوێند بەخوا شتی چاك نەبێت لەکەسوکاری خۆمم نەبیستووە، باسی پیاوێکیش دەکەن (مەبەستی لە صەفوانە) جگە لەشتی چاك هیچم لێنەبیستووەو لەگەڵ مندا نەبێت نەچووەتە ماڵمەوە. هەر لەوێدا سەعدی کوڕی مەعاز سەرەك هۆزی (ئەوس) لەناو نوێژکەراندا هەڵدەستێو دەڵێ: رێگەم بدە، ئەگەر ئەو پیاوە لە هۆزی (ئەوس) بێت، بدەم لە گەردنیو بیکوژم، بەڵام ئەگەر لە

هۆزی (خەزرەج) بێت، خۆت فەرمان بدە با جێبەجێی بکەین. سەعدی کوڕی عوبادە کەگەورەی خەزرەجییەکان بوو، لەو کاتەدا هەڵساو لە سەعدی کوڕی مەعاز تووڕەبوو، پێی وت: درۆت کرد، سوێند بە خوا نایکوژیو ناشتوانی بیکوژی. هەر لەوێدا (أُسَيْدُ بْنُ حُضَيْرٍ) هەڵساو ڕووی کردە گەورەی خەزرەجییەکانو پێیوت: بەخودا درۆت کرد، سوێند بە خوا دەیکوژینو تۆش منافقیت بۆیە وا بەرگری لەمنافق دەکەیت. بەم شێوەیە هەردوو هۆزی ئەوسو خەزرەج بوو بەشەڕە قسەیانو هیچی وای نەمابوو پێکداهەڵپژێن، پەیامبەری خوا هێوری کردنەوەو بێدەنگی کردن.

منیش ئەو ڕۆژانە هەر دەگریام. پەیامبەری خوا کە تائەوکاتە لەم بارەیەوە وەحی بۆ نەهاتبوو (نزیکەی مانگێکی خایاند) هاتەوە بۆماڵەوەو پێی وتم: ئەگەر بێتاوانیت ئەوا خوا فریات دەکەوێت ئەگەر گوناهت کردووە پەشیمان بەرەوە چونکە خوا پەشیمانی لەتۆ قبوڵ دەکات. منیش پێم وت: سوێند بەخوا ئەزانم هەمووتان بڕواتان کردووە کە من زینام کردووە، ئەگەر بڵێم بێتاوانم کەستان بڕوام پێناکەن ئەگەر بڵێم ئەم گوناهەم کردووە ئەوا خوا دەزانێ نەمکردووە، ئێوەش بڕوا دەکەن کە کردوومە، تەنها ئارام

بگرم باشه، بەڵکو خوا فریام کەوێت. ئیتر منیش لەجێگەی نەخۆشییەکەم هەڵسامەوە، تکاکاربووم خوا پاکێتیم دەرخات، بەڵام سوێند بەخوا نەمدەزانی خوا لەسەر من وەحی دادەبەزێنێت. من زۆر لەوە کەمترم خوا دەربارەی من شتێك بلێت. هیواخوازبووم کە پەیامبەری خوا لەو بارەیەوە بەخەوبینینێك پاکیزەیی منی بۆ دەرکەوێت, لە چاوەڕواننەکراوێکدا پەیامبەری خوا بەپێکەنینەوە پێی وتم: ئەی عائیشە، سوپاسی خوا بکە ئەوە خوا پاکێتی تۆی دەرخست.[2]

پاکیزەیی عائیشەش بەم چەند ئایەتە باس کراوە:

(إِنَّ الَّذِينَ جَاؤُوا بِالْإِفْكِ عُصْبَةٌ مِّنكُمْ لَا تَحْسَبُوهُ شَرًّا لَّكُم بَلْ هُوَ خَيْرٌ لَّكُمْ لِكُلِّ امْرِئٍ مِّنْهُم مَّا اكْتَسَبَ مِنَ الْإِثْمِ وَالَّذِي تَوَلَّى كِبْرَهُ مِنْهُمْ لَهُ عَذَابٌ عَظِيمٌ لَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ ظَنَّ الْمُؤْمِنُونَ وَالْمُؤْمِنَاتُ بِأَنفُسِهِمْ خَيْرًا وَقَالُوا هَذَا إِفْكٌ مُّبِينٌ لَوْلَا جَاؤُوا عَلَيْهِ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاء فَإِذْ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاء فَأُوْلَئِكَ عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ وَلَوْلَا فَضْلُ

2 بۆ تەواوی ڕووداوەکە بڕوانە صحيح البخاري، كتاب الشهادات، باب تعديل النساء بعضهن بعضا. حديث2518 صحيح المسلم. كتاب التوبة، باب في حديث الإفك وقبول توبة القاذف. حديث2770 لەسەر هێڵی ئینتەرنێتیش بڕوانە ئەم ماڵپەڕە بە سەرگوزشتەی بوخاری ژمارە (2467)

اللّٰهِ عَلَيْكُمْ وَرَحْمَتُهُ فِي الدُّنْيَا وَالْآخِرَةِ لَمَسَّكُمْ فِي مَا أَفَضْتُمْ فِيهِ عَذَابٌ عَظِيمٌ إِذْ تَلَقَّوْنَهُ بِأَلْسِنَتِكُمْ وَتَقُولُونَ بِأَفْوَاهِكُم مَّا لَيْسَ لَكُم بِهِ عِلْمٌ وَتَحْسَبُونَهُ هَيِّنًا وَهُوَ عِندَ اللّٰهِ عَظِيمٌ وَلَوْلَا إِذْ سَمِعْتُمُوهُ قُلْتُم مَّا يَكُونُ لَنَا أَن نَّتَكَلَّمَ بِهَذَا سُبْحَانَكَ هَذَا بُهْتَانٌ عَظِيمٌ يَعِظُكُمُ اللّٰهُ أَن تَعُودُوا لِمِثْلِهِ أَبَدًا إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ).[3]

(ئەوانەی بوختانەکەیان هەڵبەستبوو گرووپێك بوون لەخۆتان. وانەزانن بۆ ئێوە خراپ بوو، بەڵکو مایەی خێرە بۆتان. تاوانی هەر یەك لەوانە لەگەردنی خۆیانە. ئەو کەسەش کەبوختانەکەی گەورە کرد سزایەکی سەختی دەگاتێ. دەبوایە پیاوانو ژنانی ئیماندار، بەگوێبیستی دەنگوباسەکە، بەچاکی لێکیان بدایەتەوەو بیانوتایە ئەمە بوختانێکی ئاشکرایە, دەبوو چوار شاهیدیان بهێنایە، ئەگەر چوار شاهیدیان نەهێنا، ئەوە لەلای خوا درۆزنن. ئەگەر فەزڵو بەزەیی خوا لەم دونیاو ئەو دونیا نەبوایە دوچاری سزایەکی گەورە دەبوون. دەماودەم شت دەڵێنەوەو باسی شتێك دەکەن کەئاگاتان لێی نییە، وادەزانن هەروا شتێکی سادەو ئاسانە، لەکاتێکدا لای خوا زۆر گەورەیە. کاتێك گوێتان لە دەنگۆکە بوو، دەبوو بتانوتایە ئێمە قسەی وا ناکەین، ئەمە

---

3 النور 11 وما بعدها

بوختانێکی گەورەیە. خوا تەمبێتان دەکات، ئەگەر باوەڕدارن هەرگیز بوختانی لەو شێوەیە دووبارە نەکەنەوە.و.)

موحەممەد, بەهێنانی ئەم چەند ئایەتە، عائیشە لە کێشەو بەردبارانکردنی ئایینەکەی رزگار دەکات. قسەو باسیش لەناو خەڵکیدا نامێنێ‌و چیتر کەس باسی ناکات. هەر ئەمەش وای لە موسڵمانان کرد شەوێك ناو بنێن بە شەوی بەرات، تا هەموو ساڵێك لە یادەوەری ئەو رووداوە تاڵەیاندا شیرینی بەسەر منداڵەکاندا ببەخشنەوە، بەو هیوایەی لەم رێگەیەوە پاکیزەیی عائیشە بۆ منداڵەکان بسەلمێنن، تا لەگەورەبوونیاندا بەرگری لە یەکێك لە ژنەکانی موحەممەد بکەن‌و بڵێن زینای نەکردووە. چونکە منداڵ لەتەمەنی پەروەردەکردندایەو ئاستی هوشیاری کەمە. نازانێ راست‌و دروست کامەیەو پرسیار دەربارەی ئەو جۆرە رووداوانە ناکات کە پرسیاری لۆژیکی دروست دەکەن. بۆیە زۆر بەئاسانی دەبنە هەڵگری بیروبۆچوونی قسەکەر.

ئێمەش قەرزداری مێژوونووسانی ئیسلامین کەبەهۆی ئەوانەوە ئەم چیرۆکەمان زانی. چیرۆکێك بەشێوەیەکی دروست باس لەواقعیەتی ژنێك دەکات کە بەهۆی دەستوری رەشۆکیەوە، لەتەمەنی نۆ ساڵیدا، دەبێتە ژنی کەسێکی تەمەن پەنجاو چوار

ساڵ. بەتێپەڕبوونی چەند ساڵێك گەورە دەبێو تێدەگاو هۆشداری ئەوەی لا دروست دەبێت کە خاوەنی کەسایەتیو هەستو غەریزەی سێکسیە. پێشوەخت هیچ کەسێك، تەنانەت باوكو دایكیشی، ڕێزیان لەم حەزو ئارەزووانەی نەگرتووە، بەڵكو دوچاری چارەنوسێكیان كردووە كەلەتەمەنی هەژدە ساڵییەوە مێردەكەی بمرێو تا مردنی بە بێوەژنی بمێنێتەوە. لە هەموو مافە سەرەتاییو ئارەزووەكانیشی بێبەش بێت. هەر ئەم ڕاستیانەشە وای لە عائیشە كردووە لەناو ڕووداوێكی لەم شێوەیەدا بژیو بەچیرۆكێكیش بەرگری لە خۆی بكات كە زیاتر لە پاساوهێنانەوە دەچێت نەك نكوڵی لێكردن.

گەر كەمێك لە عائیشە دوور بكەوینەوەو بێینەوە لای موحەممەد. عائیشە زینای كردبێت یان..نا موحەممەد بە لایەكدا تاوانبار دەردەچێت. ئەگەر زینای نەكردبێت ئەوە كاتێك موحەممەد كە لە مزگەوتەكانەوە باسی پاكیزەیی عائیشەی كردووە, ڕاستی كردوە بەڵام لەگەڵ خودی عائیشەدا تاوانبارە چونكە لەگەڵی باش نەبووەو ماوەی مانگێكیش لێی دووركەوتووەتەوەو قسەی لەگەڵ نەكردووە, لەكاتێكدا عائیشە نەخۆشیش بووە. لێرەدا دادپەروەری موحەممەد دیار نییەو بۆ

یەکێك لە ژنەکانی بە نادادپەروەرو بەدگومان تاوانبار دەکرێت, پێی وتووە (گەر زینات کردووە تەوبە بکە چونکە خوا تەوبە لەتۆ قبولّ دەکات) عائیشەش زینای نەکردووەو بێتاوانە! ئەی دادپەروەری موحەممەد کوا!؟ خۆ ئەگەر عائیشە زینای کردبێت, ئەوە موحەممەد درۆزنە, چونکە لە مزگەوت باسی لە پاکیزەیی عائیشە کردووەو کردەی زینای داپۆشیوە.

لەکاتی خۆیدا راستیو حەقیقەتی ئەم رووداوە لای صەحابەیەك بەناوی حسان بن ثابت یەکلایی بووەتەوە. دوای قسەوباسی پاکیزەیی عائیشە لەکاری زینا، ئەم صەحابەیە بڕوای نەکردووەو سووربووە لەسەر ئەوەی عائیشە زینای کردووەو هەروەها صەفوانیش وەك خزمەتکارێك خیانەتی لەموحەممەد کردووە. بۆیە صەفوان بەرەنگاری حەسسان بووەتەوە, شەڕ لەنێوانیاندا روویداوەو حەسسان بریندار بووەو داوای خوێنی کردووە. لەبەر ئەوەی صەفوان خزمەتکاری موحەممەد بووە, کێشەکەیان بەوە چارەسەر بووە کە موحەممەد کەنیزەکێکی خۆی بەناوی سیرین ببەخشێت بە حەسسان.[4] ئەم سیرینە خوشکی ئەو مارییەیە کە

---

4 سیرة ابن هشام ، الجزء الثاني في مسألة الافك، هەروەها ابن الاثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة، باب، الصّاد والألِف ذكر، صفوان بن المعطّل.

لەگەڵ مابووردا، هەرسێکیان وەك دیارییەك لەلایەن پادشایەکەوە بۆ موحەممەدی پەیامبەر نێردرابوون.

جێی خۆیەتی کە بڵێین ئەم نەریتە ڕەشۆکییە, کە بۆ کپکردنەوەی ئاژاوەیەك ئافرەتێك پێشکەش بکرێت, تا ئێستاش لە کۆمەڵگا ئیسلامییەکاندا ماوەتەوەو بەشێوەیەکی زۆر بێڕێزانە سوکایەتی بە ژنان بەردەوامە. لە ئەنجامی شەڕی خوێناوی نێوان دوو بنەماڵە یاخود کەسوکار, هۆز, خێڵو عەشرەت وا ڕوویداوە کە لەکاتی ئاشتبوونەوەیاندا لایەنێکیان ئافرەتێك یان زیاتر ببەخشێت بەلایەنەکەی تر. ئەم کارەش دوو دەرئەنجامی بەدیهێناوە, یەکەمیان ئەوەی نیشانداوە کە ئەو لایەنەی ئافرەتەکەی بەخشیوە, بەپێی ڕێکەوتننامەکە, خەتابار بووە. جا ئەگەر دەستی لە هەڵگیرساندنی شەڕەکە هەبوو بێت یاخود لەکاتی شەڕەکەدا خوێنی زیاتری لە لایەنەکەی تر ڕشتبێت. دەرئەنجامی دووهەم ئەوەیە کەبەخشینی ئافرەت لە دوای ئاشتبوونەوە خزمایەتیو هاتووچۆو تێکەڵاوی لە نێوان شەڕکەرەکاندا دروست دەکات, ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی متمانە لەدووبارەنەبوونەوەی شەڕ لە نێوانیاندا. بەم شێوەیە کلتورێکی دەشتەکی کە موحەممەد پیادەی کردوو بەهۆی

ئافرەتێکەوە خزمەتکارێکی خۆی لە کوشتن ڕزگار کرد, لە ئیسلامدا بووە بە ڕێوڕەسمێکی شایستە. بەمانایەکی دیکە ناوگەڵی ئافرەت لە ئیسلامدا پشکی سەرەکی لە ئاشبوونەوە یان شەڕی خوێناوی نێوان موجاهیدەکانی ئیسلامدا دەبینێت.

ئیسلام پاساوی جۆراوجۆر بۆ ئەم جۆرە چیرۆکانەی ژیانی موحەممەد دەهێنێتە ئاراوە. بەناوی بەرژوەندی کۆمەڵایەتی، سیاسی، شەرعی، حەڵاڵو حەرام، دڵڕاگرتنی کەسایەتییەکان، ئەم کێشەیەی بە ئایەت چارەسەر کردووە. زۆر بە ئاسانی دەتوانین لە ڕێی ئەو پاساوانەوە بەنێو رەهەندی ژیانی سێکسیی عائیشە رۆبچینە خوارەوەو زۆرێك لە نهێنییەکانی ئاشکرا بکەین.

بۆ ئەوەی بۆچوونەکەمان دەربارەی ئەم ڕووداوەی عائیشە جێی خۆی بگرێت، پێویستە کەمێك بەسەر ئەو ئایەتانەدا بچینەوە کە پاکیزەیی عائیشە دەردەخەن. وردببینەوە قورئان چۆن چارەسەری مەسەلەیەکی وەها گرنگی مێژوویی کردووە. سەرەتا بۆ جارێکی دیکە ئایەتەکان دەخوێنینەوە:

(ئەوانەی بوختانەکەیان هەڵبەست دەستەیەك بوون لەخۆتان. وانەزانن کەوا ئەو بوختانە خراپ بوو بۆتان، بەڵکو مایەی خێر بوو. تاوانی هەر یەك لەبوختانکەران لەگەردنی خۆیانە. ئەو

کەسەش کەبوختانەکەی گەورە کرد سزایەکی سەختو گەورەی بۆ ئامادەکراوە. دەبوایە هەر دوای بوختانەکە ئیماندارانی پیاوانو ژنان گومانیان لەپاکیو چاکی خۆیان نەبوایەو بیانوتایە ئەمە بوختانێکی ئاشکرایە. دەبوو بوختانچییەکان چوار شاهیدیان بهێنایە بۆ سەلماندنی قسەکانیان، ئەگەر چوار شاهیدیان نەهێنا ئەوە ئیتر لەلای خوا لەدرۆزنەکانن. ئەگەر فەزلّی خوا لەم دونیاو ئەو دونیا نەبوایە دوچاری سزایەکی گەورە دەبوون. ئەوە بۆچی دەماودەم شت دەلّێنەوەو باسی شتێك دەکەن کەئاگاتان لێی نییە؟ ئایا وادەزانن ئەو بوختانە هەرئاوا شتێکی سادەو ئاسانە، لەکاتێکدا ئەوە لای خوا زۆر گەورەیە؟ دەبوو کاتێك گوێتان لەبوختانێکی وەها بوو، بتانوتایە ئێمە قسەی وا ناکەین، ئەمە بوختانێکی گەورەیە. خوا ئامۆژگاریتان دەکات ئەگەر باوەڕدارن هەرگیزاو هەرگیز شتی وەها دووبارە نەکەنەوە..و..و.)

جگە لە هەردوو کتێبە مێژووییە بەناوبانگەکەی دونیای ئیسلام (اسباب النزول)ی جەلالەینو واحدی، راڤەکارە گەورەکانی مێژووی ئیسلامیش، وەك: ابن كثير[5]و القرطبي[6]و الطبري[7] لە

5 هذه العشر آيات كلها نزلت في شأن عائشة, تفسير ابن كثير, النور 11

کاتی راڤەکردنی ئەم ئایەتانەدا بەراشکاوانە باس لە رووداوی زیناکە دەکەن‌و هۆکاری دەرکەوتنی ئایەتەکان دەبەستنەوە بە بەسەرهاتەکەی عائیشەوە. لێرەوە نابێت گومانمان لە مەبەستی دەرکەوتنی ئایەتەکان بۆ ئەو رووداوە هەبێت.[8]

وەك لە سەرەتاکەیدا دیارە، بێ ئەوەی هیچ زانیارییەکمان لەسەر رووداوەکە بداتێ یەکسەر دەڵێ ئەم رووداوە بوختانە. سەرەتاو کۆتایی رووداوەکە رەت کراوەتەوە. هەبوونی بوختانیش واتە هەبوونی تاوانکارێکی بوختانکەر. لێرەوە دەگەینە ئەو ئامانجەی کە موحەممەد مەبەستێتی، ئەویش رەتکردنەوەی یەکلەبەری رووداوەکەیەو تاوانبارکردنی چەند کەسانێکیشە بە دروستکردنی بوختانەکە. دوابەدوای ئەوەش، بەشێوەیەکی تایبەتی، سزایەکی سەخت بۆ دروستکەرانی بوختانەکە دیاریدەکات، بە شێوەیەکی گشتیش موسڵمانان تاوانبار دەکات‌و

---

6 سبب نزولها ما رواه الأئمة من حديث الإفك الطويل في قصة عائشة. تفسير القرطبي: النور 11-22

7 الَّذِينَ جاءُوا بِـــالإِفْكِ عُصْبَةٌ مِنْكُمْ الذين قالوا لعائشة الإفك والبهتان. تفسير الطبري, النور 11

8 خوێنەر دەتوانێت بڕوانێتە تەفسیرەکان، بۆ هەر یەکەیان لە سورەتی النور ئایەتی 11 بە دواوە.

لە رێی قورئانەوە داوای هەڵوێستیان لێدەکات. بە موسڵمانان دەڵێت: (بەبێ ئەوەی ئاگاداری رووداوەکە بن، دەماودەم بوختانەکەتان گێڕاوەتەوە. دەبوو رووداوەکەتان بە راست نەزانیبایە، بۆیە پێویستە سزا بدرێن، چونکە بوختانێکی لەو شێوەیە بەلای خواوە تا بڵێی گەورەیە.) بەم جۆرە موحەممەد سەرنجی موسڵمانان بۆلای کێشەی خۆیان رادەکێشێت نەك کێشەی زینای ژنەکەی خۆی! بەڵام لەبەر ئەوەی لەو دەمەدا نەیتوانیوە سزای گشت خەڵکی بدات، باسی بەزەیی خوایان بۆ دەکاو پێیان دەڵێت: (ئەگەر رەحمی خوا نەبوایە ئەوا دووچاری سزایەکی زۆر توند دەبوون.) بەڵام لەبەر ئەوەی بوختانچییە سەرەکییەکان چەند دانەیەکن‌و دیارن، دەڵێ: (لەم سزایە رزگاریان نابێت). جا لەبەر ئەوەی سەرەکیترین کەسیش لە بوختانچییەکان عەبدوڵڵایەو ئەم ناوبراوە ئەندامی هۆزێکی گەورەی ناو مەدینەیەو پشتی دەگرن، ناتوانێت سزای بدات. بۆیە پاڵپشت بە قورئان، داوا لە بوختانچییەکان دەکات چوار شاهید ئامادە بکەن تا قسەکانیان بسەلمێنن. خۆ ئەگەر چوار شاهید ئامادە نەکەن ئەوە وەك درۆزن تەماشا دەکرێن. ئەگەر

جارێکی تر بوختانێکی لەو شێوەیە دووبارە ببێتەوە خوا لێیان نابورێتو کارەساتێکی گەورەیان بەسەر دەهێنێت).

حوکمەکانی ئەم ئایەتە تا بڵێی زۆرن. پوختەی چیرۆکەکەش پێمان دەڵێت عائیشە زینای کردووە. ئەو پاساوانەی عائیشە بۆ نەکردنی زینا هێناونی، لاوازن. بۆ روونکردنەوەو بە ئەنجام گەیشتنی ئەم راستیانە پێویستە چەند لایەنێك روون بکەینەوە کە پەیوەندییان بە کاتو شوێنەوە هەیە:

سەردەمی رووداوەکە هەزارو چوار سەد ساڵ زیاترەو کاتەکەی شەوە، تاریکە، لەباسکردنی رووداوەکەدا ئەوە روون نەکراوەتەوە مانگەشەو بووە یان..نا تا بتوانین بەشێوەیەکی زانستی بەرچاوروونی شەوەکە دیاری بکەین. کاتەکەی پشوودانی ئیماندارەکانی ئیسلامە، لەئەنجامی شەڕو داگیرکردنو قەتلوعامکردنی هۆزێك توشی هیلاکیو برسێتی هاتوون. لەشوێنێکدا لایانداوەو بۆ ماوەیەکی کەم پشوو دەدەنو بەرەو شاری مەدینە بەرێدەکەونەوە.

شوێنەکەش بیابانە. دوور لە ئاوەدانییە. وەك هەموو ناوچەکانی دیکە شوێنی دەستبەئاوگەیاندنی تێدا نییە. کاروانو جەنگاوەرانی سوپای ئیسلام بڵاوەیان کردووە. هەر کۆمەڵەو لە شوێنێکدا

خەریکی دابینکردنی خواردنو جێبەجێکردنی پێداویستییەکانیانن. بەرنامەیان وایە دوای خواردنو پشوودان خۆیان کۆدەکەنەوەو بەرێبکەون.

دوو کەس لە سوپاکە جێدەمێننو شانۆنامەیەك بۆ مێژووی ئیسلام دەنوسنەوە. ئەکتەرەکانی پەردەی یەکەمی ئەم شانۆییە تەنها دوو قارەمانن، یەکێکیان کەسێکی ناوداری مێژووی ئیسلامە، کە ئەویش عائیشەی ژنی موحەممەدە، یەکێکی دیکەش، کە لەمێژووی ئیسلامدا جگە لە دەورێکی کۆمبارس هیچ شتێکی دیکەی لێ نەزانراوە. جگە لەم رووداوە کە کردییە یەکێك لە ناودارەکانی مێژوو، شتێکی ئەوتۆی لەسەر نەنوسراوەو سێ سەرگوزشتەی باوەڕپێکراوی ئەم ناوبراوە لەپەڕتووکە ناودارە باوەڕپێکراوەکاندا نییە. شەڕکەرو موجاهیدو کاتب وەحی نەبووە. تەنانەت ماوەیەك پێش شەڕی بەنی موصتەلیق، یان پێش شەڕی خەندەق بووەتە موسڵمان. واتە چەند ساڵێك دوای کۆچو[9] هەرزەکاریش بووە!

---

9ابن الاثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة، باب، الصّاد والألِف ذكر، صفوان بن المعطّل.

بەپێی ئەوەی عائیشە خۆی باسی دەکات صەفوان, کە یەکێك دەبێت لـەو گەنجانەی پێش ئەوەی حیجاب بەسەر ژنە ئازادەکانی موسڵمانانـدا بسەپێت، عائیشەی دیوە. واتە بەسەررو ملو شانی رووتەوە دیویێتی. هاتووچۆی ماڵیانی کردووە. وەك موحەممەد لـەناو رووداوەکەدا باسی دەکات، خزمەتی ماڵەکەی کردووەو پێداویستییەکانی جێبەجێ کردووە.

صەفوان گەنجەو[10] عائیشەش کیژۆڵەیەکی کەم تەمەن. صەفوان هەژارە، بۆیە خزمەتکارە. عائیشەش لـە صەفوان بچوکترە, تەمەنی لـەنێوان دوانزە تا چواردە ساڵاندایە. ژنی پادشایەکی روولـەدەرە, مێردەکەی پێشەوایەکە بەلایەنی کەمەوە تەمەنی لـە پەنجاو حەوت ساڵ تێپەڕی کردووە. جگە لـە ناسینو هاتوچۆکردنی لـەگەڵ صەفواندا، پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتیو خزمایەتی لـە نێوانیاندا نییە. لـەبەر ئەوەی صەفوان، لـە رووی دارایییەوە هەژارە، کەنیزەکی نەبووەو خزمەتکاریشی نەبووە، بەڵکو خۆی کۆیلـەو خۆی خزمەتکار بووە. گەنجێکی لـەم شێوەیە، لـە ناو

10 دەڵێن لە ئەنجامی بریندار‌بوونی لە ساڵی پەنجاو هەشتی کۆچیدا مردووە، کەواتە لەکاتی چیرۆکەکەدا هەرزەکار بووە. بڕوانە: ابن الاثير، أسد الغابة في معرفة الصحابة، باب، الصّاد والألِف ذكر، صفوان بن المعطّل.

کۆمەڵگایەکی گەرمنشینی پڕ لە سێکس‌و پڕ لە دەستکەوتی کەنیزەك، بیٚ سێکس ئاوێتە نابن.

عائیشە ژنی کەسێکی پیرە. مێردەکەی، بە لایەنی کەمەوە لە یانزە شەودا یەك جار دێتە لای‌و جووتبوونی سێکسی لەگەڵ دەکات.[11] ئەویش ئەگەر وای دابنێین لەو هەژدە ژنەی لەبەشی موحەممەدو سێکسدا ژماردمانن کەمتری هێنابێت. کیژۆڵەیەکی گەنج، دوور لە هەموو کێشەیەکی ئابووری‌و کۆمەلایەتی, خزمەتکاری هەبووەو بە فەرمانکردن کاری بۆ جێبەجێ بووە. بەلاّم لە هەموو خۆشییەکانی ژیانی سێکسی دوور خراوەتەوەو حیجابی بەسەردا سەپاوە, بە حوکمی ئیسلام, بۆ گۆڕەکەی‌و ماڵی باوکی نەبێت, نابێت لەماڵەکەی خۆی بچێتە دەرەوە.

عائیشە باس لەوە دەکات لەکاتی سەروبەندی رۆشتندا بۆ دەست بەئاوگەیاندن دوور کەوتووەتەوە. ئەمەش پاساوێکی لاوازە. ئایا لە شەوێکی تاریکدا دەهێنێت ئەوەندە دوور بکەوێتەوە؟ ئەی ئەوە چۆن بوو زۆری پێچوو؟ ئایا ماوەی

---

11 لەبەشی موحەممەدو سێکسدا بەوردی باسمان لەم چەمکە کردووەو ئاماژەمان بەسەرچاوەکەی داوە.

دەستبەئاوگەیاندن زۆرترە یاخود کۆکردنەوەی شتومەکی سوپایەك کە چەندین ولآخو حوشتری بارهەڵگری تێدا بووە؟

ئەی ئەو هەموو پاکانەیە چییە عائیشە بۆ خۆی دەیکات: (کەژاوەکە لە حوشترەکە بارکرابوو، کەوتبوونەڕێ، وایان زانیبوو منی تێدام. لەو کاتەدا ژنان کێشیان سووك بوو، لاواز بوونو گۆشتن نەبوون، منیش منداڵو بچووك بووم. کاتێك کەژاوەکەم دەخەنە سەر حوشترەکە، وایانزانیبوو منی تێدام. یەك وشە قسەم لەگەڵ صەفوان نەکردووە.) گەر یەکێك بەرگری لەخۆی بکات, بەڵگە دەخاتە روو یاخود پاکانە بۆ خۆی دەکات؟؟.

دواتر باسی بزربوونی ملوانکەیەکمان بۆ دەکات. ئەم پاساوەش لاوازە. مێژوونووسانی ئیسلام باسی هەژاریو نەداری ژنانی موحەممەدی ئیسلامیان بۆ دەکەن بەشێوەیەك کە لەگەڵ موسڵمانانندا یەکسان بوونو باری داراییان لە لێواری برسێتیدا بووە. ئەم ملوانکەیە چیی بوو لەم چیرۆکەدا دەردەکەوێت؟ ئەو ڕێکەوتە چی بوو عائیشە ملوانکەکەی ون بکات؟ یاخود ئەو ماوە زۆرە بۆ دۆزینەوەی ملوانکەکە بۆ؟

عائیشه کەژاوەی هەبووە. خزمەتکارەکانی، بەتایبەتی کەنیزەکەکانی خۆی، لەکاتی چاکردنو بارکردنی کەژاوەکەدا ئەوە چۆن بوو نەیانزانی عائیشەی تێدایە یان نا؟ ئەو رێکەوتە چۆن لێکبدەینەوە کەژاوەکەی بخرێتە سەر حوشترەکەی بێئەوەی ئاگایان لە عائیشە بێت؟!

ئەوە چۆن بوو صەفوانیش لە کاروانەکە بەجێ مابوو؟ بۆ صەفوان بوو، کە پێشتر هاتووچۆی عائیشەی کردووە، بۆ موسڵمانێکی تر نەبوو؟ ئەو پاساوە نالۆژیکییە چییە کە دەڵێن بۆ کۆکردنەوەی کەلوپەلە بەجێماوەکان مابووەوە؟ بۆ لە رووداوەکانی تردا باسی بەجێمانی صەفوان نەکراوە؟ ئەم کەسە نەناسراوە, کە تازە موسڵمان بووە, چی بوو وا کردیانە موجاهیدێکی متمانەپێکراوی ناوداری مێژووی ئیسلام؟ ئەی ئەوە چۆن بوو موحەممەد عائیشەی لەبیرچوو بوو؟ ئایا سەرکردە، بەشێك لە ژیانی خۆی، هاوسەری خۆی، خۆشەویستترین ژنی خۆی لەبیر دەکات؟

لەراستیدا لەم پێودانگەی خوارەوە دەتوانین بگەینە ئەو بڕیارەی کە عائیشە زینای کردووە یان نا: موحەممەد لەگەڵ عائیشەی ژنیو سوپایەکی گەورە بەرەو شەڕی بەنی موستەلیق چووە. لەو

شەڕەدا ناوچەو هۆزە نەیارەکانی ئیسلام کاولو کۆمەڵکوژ کراون. موحەممەدو موسڵمانان، جگە لەدەستکەوتیماڵی، چەندین ژنیشیان بەدیل گرتووەو لەنێو خۆیاندا دابەشیان کرووە. موحەممەد لەم جۆرە شەڕو کارو کردەیەدا ئەزموونی هەیە. لە شەڕگەکانی دیکەدا, ژنانی وەك ڕێحانە لە بەنی قورەیزەو صەفییەی لە خەیبەر, دەستکەوت بووەو هەر ئەو شەوەش لەگەڵیان جووت بووە. لەم شەڕەشدا, کە دەکاتە شەڕی بەنی موستەڵیق, جوانێکی ناودار بەناوی جوەیرییە دەبێتە دیلی سابت ناوێكو دواتر موحەممەد هەر لەو ڕۆژەدا بە پارە لێی کڕیوەتەوە.

عائیشەش کەسێکی سێکسی بووە. بۆ نموونە جارێکیان لەگەڵ حەفصەدا نەخشەی پیلانێك لە موحەممەد دەکێشن کە نۆبە شەوی یەکتریان بگۆڕنەوە بێئەوەی موحەممەد بزانێت, هەر یەکەو شەوێك بچێتە لای. بەرێکەوت یەکەم شەو وابووە کە حەفصە بچێتە لای, لەشەوی درەنگدا عائیشە لەپیلانەکەی پەشیمان دەبێتەوە, هەست بە بێ موحەممەدی دەکات, لەهەراسانیداو بێئارامیدا هەردوو قاچی دەخاتە ناو گژوگیاو دڕكو داڵەوەو دەڵێت: خوایە لەتۆڵەی ئەم هەڵەیەی کە کردمو ئەمشەو لەهاودەمی موحەممەد دابڕام, دووپشکێك یان مارێکم بۆ

برەخسێنە با پێمەوە بدات.[12] سێكس هەرەسی بۆ هێنابوو, لەبری ئەوەی ئەو شەوە لە سێكس دابڕابوو, حەزی لە مردن كردبوو. كەسێكی سێكسی لەم چەشنە ئارام ناگرێت مێردەكەی بەو شێوەیەی لەگەڵ بكات.

دیمەنەكان بەرەو روونبوونو ئاشكراتر دەچن. رەنگە هەر لەو شەوەدا بوو بێت كە موحەممەد لە عائیشە دوور كەوتۆتەوەو لەگەڵ جوەیرییەی جوانی ناوداردا جووتبووبێت كە لە مەیدانی شەڕدا چنگی كەوتبوو. لەكاتی بارپێچانەوەشدا خەمی عائیشەی نەبووەو لە گەڕانەوەشیدا لەبیری كردووە. خودی عائیشە دەڵێ: جوەیرییە ژنێكی روخسار جوان بووەو رقم لێی بووەتەوە.[13] نەیویستووە ئەم غەدرە گەورەیەی كە موحەممەد لێی كردووە هەروا بە ئاسانی بەسەریدا تێپەڕ ببێت. لە پەرچەكردارێكدا لەگەڵ صەفواندا رێكدەكەونو لەكاتی پشوودانداا، لە شوێنی

12 فقالت حفصة: ألا تركبين الليلة بعيري وأركب بعيرك، تنظرين وأنظر؟ فقالت: بلى، فركبت، فجاء النبي صلى الله عليه وسلم إلى جمل عائشة وعليه حفصة، فسلم عليها، ثم سار حتى نزلوا، وافتقدته عائشة، فلما نزلوا جعلت رجليها بين الإذخر وتقول، يا رب سلط علي عقربا أو حية تلدغني، ولا أستطيع أن أقول له شئيا. صحيح البخاري, كتاب النكاح, باب: القرعة بين النساء إذا أراد سفرا.حديث4913

13 سيرة النبوية. ابن هشام , غزوة بني المصطلق.

نیشتەجێی سوپاکە دوور دەکەونەوەو لێکدەئالێن. بەم هۆیە ماوەیەکی زۆر ماونەتەوەو کاتێك بەخۆیان زانیوە لە تاریکیدا کاروانەکە بەجێی هێشتوونو بەجێماون.

قورئان دەلێت عائیشە پاکەو زینای نەکردووە. تێڕوانینی ئەمەش پەیوەندی بە دوو لایەنەوە هەیە، عەقیدەو لۆژیك. هەر موسلمانێك باوەڕی پتەوی بە ئیسلام هەبێت، دەبێ باوەڕ بەوە بکات کەبنەمای ڕووداوەکە لە سەر چیرۆکێکی پڕ لە بوختان وەستاوە. لەئاست ڕووداوێکی مێژوویی وەها گەورەدا کەڕو کوێرو هیچنەزان بێتو پرسیار نەکاو بەشوێن ڕاستییەکاندا نەگەڕێت. ئەو تاکە پاساوەی کە قورئان بۆ پاکێتی عائیشە لە کاری زینا نیشان دەدات ئەوەیە لە کاتی جووتبوونی عائیشەو صەفواندا چوار کەس، وەك شاهید، ئامادە نەبوون!

فَإِذ لَمْ يَأْتُوا بِالشُّهَدَاءِ فَأُوْلَئِكَ عِندَ اللَّهِ هُمُ الْكَاذِبُونَ.[14]

ئەگەر چوار شاهیدیان نەهێنا، ئەوە لەلای خوا درۆزنن.

لێرەدا قورئان داوای چوار شاهید دەکات. چوار پیاو، هەر چواریان، لە نزیکەوەو بە چاوی خۆیان، عائیشەو صەفوانیان بەڕووتیو بە جووتی ببینێت. هەرکات توانرا چوار شاهیدەکە

---

14 النور 13

ئامادە بكرێت، ئەو كاتە ڕووداوەكە بە ڕاست دادەنرێت، ئەگەر نا، ئەوە ڕاست نییەو بوختان بۆ عائیشە كراوە.

لایەنەكەی دیكەش لۆژیكە, پاش وردبوونەوەمان لە چیرۆكەكە, پێویستمان بەبەڵگەی زیاتر نییە. ئامادەبوونی چوار شاهید، نەك لەلای ئێمەو لەم سەردەمەدا، بەڵكو لەسەردەمی موحەممەدیشدا، بۆتە مایەی ڕەخنەو خودی موحەممەدیان ڕووبەڕووی چەندین پرسیار كردۆتەوە كە نەیتوانیوە وەڵامیان بداتەوە. دەگێڕنەوە صەحابەیەك بەناوی (سعد) بە موحەممەد دەڵێت: ئەی پەیامبەری خوا، سوێندم بەگەورەیی خوا دەزانم ئەم ئایەتە لەخواوەیە، بەڵام سەرم سوڕماوە، ئەگەر من ژنەكەی خۆم ببینم كابرایەك لەنێوان هەردوو ڕانیدا بوو، ئەبێ لێیان تێكنەدەمو نەیانجوڵێنم تا دەچم چوار شاهید ئامادە دەكەم، جا هەتا من چوار شاهیدەكە دەهێنم ئەوان ئیشی خۆیان تەواو دەكەن![15]

صەحابەیەكی تر (هلال بن امية) دەڵێ: من لەوەختی عیشادا چوومەوە بۆ ماڵەوە، بەم گوێیانەی خۆم لێم بیستو بەم چاوانەی

---

15 (والله يا رسول الله إني لأعلم أنها حق وأنها من عند الله ولكن قد تعجبت أن لو وجدت لكاع قد تفخذها رجل لم يكن لي أن أهيجه ولا أحركه حتى آتي بأربعة شهداء فوالله إني لا آتي بهم حتى يقضي حاجته). الواحدي النيسابوري: أسباب النزول، لەباسكردنی ئایەتی 4ی نوردا

خۆم بینیمن پیاوێك لەگەڵ ژنەكەمدا بوو. یەكسەر موحەممەد یاسای چوار شاهیدەكەی بیر دەخاتەوە. هیلالیش بەمە نارەحەت دەبێ.[16]

لە سەرگوزشتەیەكی تردا واهاتووە هیلالی صەحابی، پیاوێكی بەسەر ژنەكەی خۆیەوە بینیبوو، چووبووە لای موحەممەدو شكایەتی لێكردبوو، موحەممەدیش پێی وتووە: ئەی هیلال یان بەڵگەم بدەرێ كەراست دەكەیت یان داركاریت دەكەم. ئەویش پێی وتووە: ئەی پەیامبەری خوا ئەگەر پیاوێك كەسێك بەسەر ژنەكەیەوە ببینێت ئەبێ دوای ئەوە بكەوێت كەچۆن بەڵگە پەیدا بكات؟؟.[17]

جا ئایا ژنەكەی هیلالی صەحابی زینای كردووە یان..نا؟ بێگومان زینای كردووە، بەڵام موحەممەد ناتوانێت هیچ كارێك لەگەڵ ئەم رووداوەدا بكات، چونكە مەسەلەكەی عائیشە دێتەوە

---

16 (جاء هلال بن أمية من أرضه عشياً فوجد عند أهله رجلاً فرأى بعينه وسمع بأذنه فلم يهيجه حتى أصبح وغدا على رسول الله صلى الله عليه وسلم فقال يا رسول الله فقال إني جئت أهلي عشياً فوجدت عندها رجلاً فرأيت بعيني وسمعت بأذني فكره رسول الله صلى الله عليه وسلم ما جاء به واشتد عليه.) الواحدي النيسابوري: اسباب النزول. **هەمان سەرچاوە لەباسكردنی ئایەتی 4ی نوردا**

17 صحيح البخاري: كتاب التفسير, باب, ويدرأ عنها العذاب أن تشهد أربع شهادات بالله إنه لمن الكاذبـــين. 4470

گۆڕێو ڕووبەڕووی پرسیارگەلێکی زۆری دەکەنەوە. هێنانی چوار شاهید لەگەڵ لۆژیکی ئەو سەردەمەشدا نەدەهاتەوە. موسڵمانان ناچار بوون، بە ڕووکەش ملکەچی فەرمانەکانی موحەممەد بن، بەڵام لەپشت پەردەوە خۆیان چارەسەری کێشەکانیان بکەن. بۆ نموونە صەحابەیەك بەناوی عوەیمیری عەجلانی بە صەحابەیەکی تر (عاصم کوڕی عەدیی) دەڵێ: ئەی عاصم پێم بلێ ئەگەر پیاوێ بێگانەیەکی لەگەڵ ژنەکەی بینی، ئەگەر بیکوژێ ئێوەش دەیکوژنەوە؟ ئەگەر نا، ئەی چی بکات؟ پرسم بۆ بکە.[18]

لەڕاستیدا ژنەکەی عومەر زینای کردووە بەڵام نەبوونی چوار شاهید زیناکەی بۆ پەردەپۆش کردووە. لەباسێکی ئیمامی بوخاریدا وا هاتووە کە موحەممەد وتویەتی: سەرنج بدەن, ئەگەر منداڵەکەی عوەیمیری, ڕەشکەڵەیەکی چاورەشی تۆخ بوو, سمتو پوز ئەستوور بوو, ئەوە وای دەبینم کە عوەیمیری ڕاست دەکات,

18 (أَنَّ عُوَيْمِرًا الْعَجْلَانِيَّ جَاءَ إِلَى عَاصِمِ بْنِ عَدِيٍّ الْأَنْصَارِيِّ فَقَالَ لَهُ يَا عَاصِمُ أَرَأَيْتَ رَجُلًا وَجَدَ مَعَ امْرَأَتِهِ رَجُلًا أَيَقْتُلُهُ فَتَقْتُلُونَهُ أَمْ كَيْفَ يَفْعَلُ سَلْ لِي يَا عَاصِمُ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَسَأَلَ عَاصِمٌ عَنْ ذَلِكَ رَسُولَ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ فَكَرِهَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ الْمَسَائِلَ.و) صحيح البخاري، كتاب الطلاق، باب، من أجاز طلاق الثلاث. حديث4959

(واته ژنەکە زینای کردووە) ئەگەر منداڵەکە سوکەڵە بوو, ئەوە وای دەبینم عوەیمیری بوختانی بۆ کردووە, (واته ژنەکە زینای نەکردووە). کاتێك کە ژنەکە منداڵی بوو, شێوەی لەو پیاوە دەچوو کە عومەیری دەیوت بەسەر ژنەکەمەوە گرتوومە. لەبەر ئەم هۆیە منداڵەکەیان بەناوی دایکیەوە بانگ دەکرد.[19]

نەبوونی چوار شاهید موسڵمانان پەلکێشو ناچار دەکات کردەوەی دیکە ئەنجام بدەن, لێرەوەیە کە بیرۆکەی کوشتنی ژنان لە ئیسلامدا سەریهەڵداوە. ئەبوهورەیرە دەیگێڕێتەوە: سەعدی کوڕی عبادە، پرسیاری لە موحەممەد کردووە: ئەگەر پیاوێك بەسەر ژنەکەمەوە ببینم، نابێ دەستیان بۆ ببەم تا چوار شاهید پەیدا دەکەم؟ موحەممەدیش لە وەڵامدا دەڵێت: بەڵێ. سەعد دەڵێ: نەخێر، سوێند بە خوا، پێش ئەوەی شاهیدەکان ئامادە بکەم خۆم بە شمشێر چارەیان دەکەم.[20]

کەسانی هۆشیار، کە لۆژیکانە دەڕواننە ڕووداوەکانو بەشوێن حەقیقەتدا دەگەڕێن، وەڵامی ئەو ڕەخنەو پرسیارەیان دەوێتەوە کە

---

19 صحيح البخاري، كتاب التفسير, باب: قوله عز وجل: (والذين يرمون أزواجهم..الاية) حديث4468

20 (قَالَ سَعْدُ بْنُ عُبَادَةَ يَا رَسُولَ اللَّهِ لَوْ وَجَدْتُ مَعَ أَهْلِي رَجُلًا لَمْ أَمَسَّهُ حَتَّى آتِيَ بِأَرْبَعَةِ شُهَدَاءَ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صَلَّى اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ نَعَمْ قَالَ كَلَّا وَالَّذِي بَعَثَكَ بِالْحَقِّ إِنْ كُنْتُ لَأُعَاجِلُهُ بِالسَّيْفِ قَبْلَ ذَلِكَ). صحيح المسلم. كتاب اللعان. حديث1498

قورئان هێناویەتیە گۆڕێو عائیشە لە کاری زینا پاك دەکاتەوە. ئایا داواکردنی چوار شاهید، کە لەو کاتەدا مەحالە، بەڵگەیە بۆ پاکێتی عائیشە لە کاری زینا؟ قورئان کە وەك موعجیزەیەك بۆ موسڵمانان دەرکەوتووە، دەخوازرا بە موعجیزەیەك بەڵگەیەکی روونو ئاشکرای بهێنایەو پاکیزەیی عائیشەی دەرخستایە، نەك خەڵکی رووبەرووی بەڵگەیەك بکاتەوە کە لەتوانای ئامادەکردنیدا نین. مەگەر رێکەوت، دەنا هیچ کەسێك ناتوانێت چوار شاهید بۆ زینایەك, کە بەنهێنی ئەنجام دەدرێت, ئامادە بکات. قورئان بە یەكو دوان تەنانەت بە سێ شاهیدیش رازی نابێو بەروونی داوای چوار دەکات. بەڵگەی لەم شێوەیەش بە دەگمەن لە دونیادا هەڵدەکەویت. زینا, بەشێوەیەکی گشتی, بە نهێنی ئەنجام دەدرێت نەك بە ئاشکرا. بەم هۆیەوە کەس ناتوانێت شاهیدی لەسەر روداوەکەی عائیشە بدات. دوو بە دوو، تەنها عائیشەو صەفوان, لە کاتێکی تاریكو لە شوێنێکی چۆڵەوانیدا بوون. کەواتە پاساوەکانی قورئان بۆ پاکیزەیی عائیشە لاوازنو جێی بایەخ نین.